www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-1-2007 15:14

## ئەو خەوەی ئێمەی بۆ ساتێک ئاسودە کرد ... لەیلا قەیتوولی

ڕەنگە لاتان وابێت ڕۆژانە بەدەیان خەو دەبینرێت و کەس ئاماژەیەکیشیان بۆ ناکات، ئەگەر چی لەوانەشە بڵێن کەخەونەکان لەواقیعەوە دوورن هەروەك زۆربەی خەوە ئاشقانەیەکانیش لەم وڵاتەدا بەهەدەر دەچن و کەسێکیش گوێیان بۆ ڕانادێرێت، ئەگەریش خەوەکەم بەوڵاتەوە بێت ئەوا ڕەنگە ئەوەم پێبڵێن کەخەوی لێپرسراوانی وڵاتە بەپۆستەکانیانەوە یاخود خەمی ئەنجامەکەنی هەڵبژاردنەکانیانە، وەڵی خەوی من بەدەر لەو خەوانەیە گومان مەکەن لەپاکی و ڕاستگۆی خەوەکەم، خەوێکە بۆ ساتێکیش بێت ئاسودەمان دەکات.
وەك هەمیشەی شەوان کارەبا لەناکاوێکدا پرتەی کردو کوژایەوە، منیش سەرم نایە سەر سەرینەکەوە لەچاوەڕوانی ڕەحمەتی هاتنەوەی کارەبای مۆلیدە وەنەوزم بردەوە، بەڵام ئەوەندە ماندوو بووم خۆشم نەمزانی چۆن خەوم لێکەوت بەهەر حاڵ بۆ یەکەم جار لەژیانمدا خەوێکی لەو چەشنە ببینم، لەخەوەکەمدا پێم گوترا دەبێت بۆ ماوەی تەنها مانگ ببیتە بەسەرکردەی ئەم وڵاتە، هەرچی زوتریشە پێویست بەنوسینەوەی دەستورێکی تر بۆ وڵات دەکات بۆیەش بەپەلە پروسکێ دەستمکرد بەنوسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ ئەوەی لەماوەی ئەم مانگە تەواوی بکەم، دەستورێك بێت هەموو کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایەی تیدا چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی تاهەتایە مرۆڤی وڵاتەکەم رزگارکەم لەچەوساندنەوەو نەهامەتیەکان، ئەرێ دەستوورێك بێت هەمیشەیی نەبێت لەگەڵ هەر گۆڕانێکی پێشکەوتن ئەویش بگۆڕێت، لەسەر هیچ بنەمایەکی ئاینی و کۆنە پەرستی نەبێت.
دەستورەکەم بەوە دەستپێکرد پێش هەموو شتێك کار دابینبکەم بۆ هەموو چین و توێژەکانی وڵاتەکەم هەر لەپیرو بەساڵاچووەکانەوە تادەگاتە گەنج و مێرد منداڵانیش بەنێرو مێ وە (خوێندەوار، نەخوێندەوار) هەریەکەو بەپێی توانای لێهاتوی کار بکات، کارێکی وا بێت کەس نەپەرژێتە سەر ئەوەی کاتەکانی بەدامەی ناو چایخانەکان و ئاتاریکردن و سوڕانەوی سەرشەقامەکانی بێ مەبەست و. . . هتد بەسەر بەرێت بۆ ئەم مەبەستە بڕیارم دەرکرد. . .
دەبێت هیچ شوێنێکی ئەم وڵاتە تەنانەت مەترێکیش زەوی نەمێنێت بەبێ ئەوەی دارو درەختی بەری تێدا نەچێنرێت، چەندین کارگە بکرێتەوە بۆ بەرو بوومەکانی ئەم دارو درختانە تاسوودیان لێوەر بگیرێت، هەرچی شارەکانیش بێت چەندین باخچەی جوان و قەشەنگ دروستبکرێت تاپیرو بەساڵاچووەکانیش کاری تێدا بکەن و کاتیشیان تێدا بەسەربەرن، لەهەمان کاتدا دەبنە کەسانێك هەست بەبوون و سوودی خۆیان دەکەن بۆ کۆمەڵگاو خێزانەکانیان.
لەلایەکی ترەوە بڕگەیەکی ترم لەو دەستورە مانگیەی دەسەڵاتم بۆ کارەبا تەرخان کرد هەربۆیەش بڕیارمدا خەڵك لەئەشکەوتە تاریکەکان بێنمە دەرەوە کارەبا بۆ هەموو ماڵ و بازاڕو شوێنەکان دابینبکەم بۆ ئەوەی ئەوان وەك هەر مرۆڤێکی تر چێژ لەتەکنەلۆژیاو ئامێرە نوێیەکان وەربگرن تاچاویان بکەنەوەو لەسەتەلایت و ئینتیرنێتەکانەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا و تەواوی دنیا ببینن، ئاشنابن بەژیارو ژیانی ڕۆژانەی ئەو وڵاتانەو تێدا بزانن چۆن مافەکانیان فەراهەمکراوە!
بەباشمزانی گەنجە بێکارەکانی سەرجادەکان و ئەوانەی لەبەر سەرماو سوڵەی زستاندا لەشەقام و بازاڕەکاندا خەریکی بەنزین فرۆشتنن لەبازاڕی ڕەشدا هەر هەموویان بکەم بەپاسەوانی سنوورو ئیتر هەروەك مەسەلە کوردیەکە دەڵێت "ماڵی خۆت بگرەو سەگی هاوسێ بەدز دەر مەکە".
لەیادم نەچوو کەهەرچی بۆری نەوت و تاوەری کارەبای سەر ڕێگای تیرۆریستانە هەموو پاسەوانەکانیان لەتیرۆریستانە پێکبهێنم بەمەرجێك موچەی زۆریان بۆ تەرخانبکەم بەشێوەیەك بەرتیل لەهیچ کەسێك وەرنەگرن لەترسی بڕینی نانیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەدەستورەکەی مندا هیچ باوکسالاریەك، براسالاری، پیاو سالاری و ریش سپی سالاریەك قەبووڵناکرێت یاسا هەیە بۆ هەموو توندو تیژیەك بۆیە ژنان و کچان و منداڵانیش هەستیان بەئاسوودەیی دەکرد.
هەر خەریکبووم لەگەڵ دەستورەکەمدا ماوەیەکی کەم مابوو لەمانگی دەسەڵاتەکەم ویستم یاسایەك بۆ مەسئولەکان دارێژم وەلێ بەداخەوە کارەبای مولیدەکە هەڵکراو لەدەنگی موقتەدا موقتەدای کاتی لەسێدارەدانی سەدام لە و خەوە خۆشەم بەئاگا هاتمەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.